

# عیراقی بوون ..... بیٚ شەرەف بوونە

## جەزا چنگیانی

ووشەی شەرەف کەم کەس دەویٚری خوٚی لە قەرەبدات . ئەویش بەهوٚی ڕوٚلی ڕوٚحی تورت و زبری ئەم ووشەیەوە لە نیٚو ئاوزانی مروٚڤە پریمتیڤەکاندا .

کولتور ڕوویەکی دیاری هوشیاری کوٚمەڵگایە . ڕاڤکردن لە مەر شەرەف ڕاڤەکردنە لە مەڕ کروٚکی کولتوریٚك .ڕوٚلی شەرەف . تیٚگەیشتن لە شەرەف . ووشەی شەرەف بە پییٚ خوٚیندنەوەی ئاوزانەکانی کوٚمەڵ دەگوٚریٚت . بە پییٚ جوٚری تیٚگەیشتن و خوٚیندنەوەکانی (شەرەف) شیٚوە و کروٚکی پڕیٚمتیف و موٚدیڕنی کولتورەکان دەستنیشان دەکریٚت . بەهوٚی ئەم جیاوزییە لە دید و خویٚندنەوەی شەرەفدا دووکوٚمەڵگا و دووشەرەف دروست دەبیٚت

شەرڤ نا مروٚڤی . شەرەڤ مروٚڤی .

A – شەرەڤ نامروٚڤی : ئەو شەرەفەیە کە پیٚوەری ئاوزانی کوٚمەڵگا لە ناوگەلی ئافرەتدا پیرۆزی دەکات .

B – شەرەڤ مروٚڤی : ئەو شەرەفەیە کە لە ئامیٚزی ئازادی تاکەکانی کوٚمەڵ و سەروەری نەتەوە و پاراستنی سنور و سامانی سروشتی نیشتمانی نەتەوەیدا پیرۆزکراوە .

بیٚگومان جیاوازی لە نیٚوان ( پیرۆزی ناوگەلی ئافرەت و سەروەری نەتەوایەتیدا گەلیٚك زوٚرە ) ناوگەلی ئافرەت بابەتیٚکی تایبەتە . تایبەتە بە ئازادی تاك یانی تەنیا (ئافرەت) دەتوانی قسە لەسەر ئازادی ( ئەندامی میٚنەی) خوٚی بکات . تەنیا ئافرەت ماڤ هەیە ئەو ئەندامە بە هی خوٚی دابنیٚت . تەنیا ئافرەتە چوٚن خوٚی گەریەکیٚتی کەڵك و چیٚژی لیٚوەربگریٚت نەك کوٚمەڵگا و کولتور و نیٚرینەی خیٚزان و خیلٚیٚك .

لەم بابەتدا مەبەستم لێکۆڵینەوەیەکی سوسۆلۆگی نیە بەڵکوو ئاوڕدانەوە لەم چمکە سۆسۆلۆگییە بۆ مەبەستی تێگەیشتنی خوێنەرە بە پەیوەندی شەرەف و ئازادی تاك و کۆمەڵ و دواجار سەروەری



وەی لە درندەی وەفیق سامەڕای چی لێکردین


گەل و نەتەوە . ئێمەی کورد لە خوێندنەوەی شەرفدا تووشی قەیرانێکی ڕونڕەوی ( معریفی ) بووین . بە داخیشەوە ئەوەی تائیستا لە بواری چمکە فەلسەفیە کۆمەڵایەتیەکاندا شەقاوێك ( هەنگاوێکی ) ناوە ئاوڕیان لە لایەنە فەلەسەفیەکانی( شەرف ) بە پێوەری ڕونڕوەی ( معریفی ) و ( جنێو ) لە دیالۆگی سیاسیدا نەداوەتەوە . کە ئەم دووانە زۆر دەمێکە لە کۆمەڵگا پیشکەوتوەکاندا چەندەها پەرتووك . سەمیناری زۆر و پسپۆڕی تایبەتیان لە سەر پەیدا بووە . گەورەترین هەڵەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای جیهانی سێهەم ئەوەیە کە ( کولتور ) پیرۆز دەکات .

بۆ (گەورەترین هەڵە) یە ؟؟؟

ئەگەر کولتور سەرچاوەی هوشیاری کۆمەڵگا بێت کەواتە دەبێت جیاوازی لە نێوان کولتوری زەمەنەکان یانی ( نەوەکان )ی کۆمەڵگادا هەبێت بۆ؟؟ چونکە هەر زەمەنە شێوەی بەرهەمهێنانی تایبەتی وهوشیاری و تەکنەلۆژیا و فەلسەفە و خاوەنی گرفتی سەردەمی خۆیەتی ئەمەش لە سەر ئاستی جیاوازی تێگەیشتن و تیڕوانینی مرۆڤەکانی کۆمەڵە کەواتە گەیشتینە ئەو ئاستەی (جیاوزای) بە کرۆکی ( حتمیەت ) دابنێن ئەوەی مرۆڤی کۆمەڵگای ئیسلام و جیهانی سێهەمی ئیفلیج کردوە تێنەگیشتنە لە دیالیکتیکی (حتمیەت) ی سەردەمەکان . یانی ( تایبەتمەندیتی سەردەمەکان ) ئەم تێنەگیشتنە شەختەیە لە بەردەم دیلۆگی سەردەم و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵگادا , من بەلامەوە دیاردەیەکی سەیر و سەمەر نیە کە نەوەی نۆی کۆمەڵگای ئیسلام و جیهانی سێهەم مرۆڤی لاوی وای تێداهەبێت لە قوتابخانەکانی لندن و زانکۆکانی ئەڵمانیا وهۆلندا لە ئەوروپادا خۆندبێتی مامەڵەی لە تەك نوێترین تەکنەلۆژیا و هۆکانی بەرهەمهێنانی هزری و مادی

بکات و تەمەنێکی زۆر تێکەڵاوی کولتورێکی تر و کەسانی نامۆ بە کولتورەکەی خۆی بووبێ کەچی ئامادەبێت لە کەناڵی میترۆکانی لندن دا کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکان بە سەروەری بە کولتور و خەباتێکی شانازیدار دابنیت .هیچ هۆیەکی تر نیە لە یەك فاکتەر زیاتر ئەوەیش ئەوەیە ئەو تیرۆرستە پەروەردەی کولتورێکی سەردەمەکانی بەردینە وەلی لە زەمەنی ئەنتەرنیتدا , چۆن ئەو کولتورە لە نەوەی زەمەنی بەردینەوە وا بەئاسانی گۆیزرایەوە بۆ کەسێکی ( نەوەی ئەنتەرنێت )؟؟؟؟ ئەگەر پردی ڕێزی کولتور نەبێ لە نێوان نەوەکانی زەمەنە جیاوازەکاندا . هۆی سەقەت بوونەکەی کۆمەڵگا ئەوەیە کە( نەوە لە دوای نەوەوە ) کولتورەکەی بە بێ چاکسازی و ڕیفۆرم گویزاوەتەوە بۆ نەوەکەی دوای خۆی . نزیکە 1500 ساڵ لە مەوبەر کەسایتیەکی ناسراوی ئیسلام و عەرەب و نزیکترین وخۆشەویسترین مرۆڤ لە پێغەمبەری موسوڵمانەکانەوە کە ئەویش علی کوڕی تالبە زۆر بە جوانی و هوشیاری و فەلسەفیەوە ترس و بڤە و ناشیرینی گویزانەوەی ئاوزانی کولتورەکانی ئاشکراکردوە بەوەی دەڵێت (موسوڵمانینە منداڵەکانتان وەك خۆتان پەروەردە مەکەن) بە بۆچونی من ئەم ووتەی علی زۆر بەڕێزە و فەلسەفیە و دژی هەموو کولتوری ئیسلام و کۆمەڵگا چەقیوەکانە .

A– شەرەڤ نامرۆڤی : ناوگەڵی ئافرەت بەشێکی گرنگی کەسایەتی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و بەردینە سەرچاوەکەشی(ئافرەت) لەو کۆمەڵگایانەدا وەك ئاژەڵ پیناسەکراون ئاژەڵیش سەرچاوەیەکی ئابووری هۆی بەرهەمهێنان بووە. بۆیەئافرەتێکی گەنجی خۆێن نەپژاو نرخی لەو ئافرەتە زیاترە کە بە هەر هۆیەکەوە بووبێت خۆینی پژابێت ( ئەگەر بێ جوت بوونی لە تەك نێرینەیەکیشدا بووبیێ )



## ئافرەتی کورد لە سەردەمی صلاح الدین الایوبی دا *

B– شەرەفی مرۆڤی : سەرچاوەکەی لە ئازادی تاك .کۆمەڵ , دواجار کۆیفرە (نەتەوە)وە هاتووە ...بۆیە هەر هۆیەك . هەر هێزێك .هەر فاکتەرێك بوبێتە ترس و بڤە بۆ ئازادی نەتەوە کە کۆی تاك و کۆمەڵە ئەوە تاکەکانی سەر بەچینە جیاواز و قوتابخانە هزری و دینەکان بە یەکڕیزی دژی وەستاونەتەوە . ئەمە پرێنسیبێکە کە هەموو پەیوەندیەکانی لەسەر سەقامگیر دەبێت .شانازیکردنی ئەڵمانیەکان بە مارکەی ( مارسدیس و بی ئیم ڤی) و فەلسەفەی هیگل و کانت و نیچە ومارتن لۆتەر و بتهۆڤن ومارکس وگۆتە وشیلەر وە.شانازیکردنیانە بە کەسایەتی نەتەوەییانەوە . هەردوو زلهێزی دونیای کۆنی سەردەمی شەڕی سارد و بە ملوینەها قوربانی لە شەڕەکانی جیهاندا نەیانتوانی سنوری نیشتمانی نەتەوەی ئەڵمانیەکان بۆ هەتاهەتایە بە دووقاشی بهێڵنەوە . ئەوە بوو هەردوای پسانی پشتینی کێشمەکێشی هەردوو جەمسەری شەڕی سارد ڕمانی دیوارەکەی بەرلین نیشتمانی قاشکراوی ئەڵمانیەکان یەکیانگرتەوە .شەرەفی ئەوهێزە چاوەڕوانیە پرۆژەی نەتەوەی ئەڵمانەکان بوو( نەك ناوگەڵی ئافرەت )... لێکجیابوونەوەی چیکەکان و سلۆڤاکیەکان دروستکردنی نیشتمانی نەتەوەی کێشانی سنور و هەڵگرتنی ئاڵای نەتەوایەتیان جیاکردنەوەی پەساپۆرتەکانیان هەمان پرۆسیسی نەتەوەییە . گەشەکردنی ئەم هێز وهزرە هێزی هزری فەلسەفەی کلاسیك و بزوتنەوەی ڕوناکبیری لە ئەڵمانیا و ئەوروپا و گەشەکردنی بزوتنەوەی ناسیونالیستی وشۆڕشی فرنسی و کە سەرتۆپەیان کانت , نیچە . مارکس بتهۆڤن ڤیکتۆر هیگۆ بووە .ڕاستە تیڕوانینی ئەم بلیمەتانە بۆ کەسایەتی نەتەوەی جیاوازی بووە وەلی لە کرۆکدا یەك مەتریاڵ و یەك ئیستراتجی بووە .دروست بوونی سوپا , پۆلیس , دەزگاکانی کۆنترۆڵی ئابووری , تیپی مۆسیقی و وەزرشی لەم دیاردەیە بە دەر نیە ( ئەی ئەوە نیە هەموو نەتەوەیەك لەم جیهانەدا خەو بە بردنەوەی جامی تۆپی پێی جیهانیەوە دەبینێ )

**ڕیکخراوی ئاسایشی نەتەوەی** : دروست بوو لە بەر پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەبووە دەبینین C I A ئەمەریکی و K G B سۆڤیتی کۆن F S B ڕووسی ئیستای موسادی ئیسرائیلی و ئیتلاعاتی ئیستا و سافاکی کۆنی ئیرانی و میتی تورکی ...هتد ) ئەم دەزگایانە هەر کەسێك بڤەی بۆ سەر بەرژەوەندی کەسایەتی نەتەوە هەبێ زۆر بێ ڕەحمانە دژی دەوستنەوە .ئەبێ چ نهێنی و پیرۆزیەك لەوەدایە کەوا ئەو نەتەوانە بە هەموو هێزیکیانەوە هێند گرنگی بە بەرژەوەندی نەتەوە دەدەن ؟؟؟ چونکە شەرەفی نەتەوە شەرەفی مرۆیان دەپارێزێت .مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایانە گۆشکردن و تێگەیشتنییان بۆ ژیان لە ئاستێکی هێندە بەرزدایە کە دەزانن ئازادیەکەیان , ماف ... ئایندە . کار. نانی لە پاراستنی ( شەرەفی ) نەتەوەکەیدایە نەك( ناوگەڵی ژن و خۆشك و دایك )دا ئەوان دەزانن بە لەدەستدانی شەرەفی نەتەوەیەتیان شەرەفی مرۆیان دەبێتەکاڵایەکی هەرزانی کۆلۆنیالیستی نیشتمانەکەیان ئەی گۆایە ئەم هەموو نەتەوانەی لە جیهاندا هەن خاوەنی سنور و ئاڵاو زمانی

**تایبەتی و پەساپورتن ئەگەر ( کەسایەتی نەتەوەییان -- شەرڤ نەتەوایەتیان ) لاپیرۆز وگرنگ نەبوونایە ئاوا لەسەر بستێکی خاکەکەیان خۆیان نەدا بە کوشت نهێنی ئەو هەموو قوربانیەی لە پێناوی سەروەری نەتەوەدا دەدرێ ئەوەیە مرۆڤەکان دەزانن بێ ( سەروەری نەتەوەی —شەرەڤ نەتەوەی ) شەرف و ژیانیان نیە .بەشێك لە ئازادی نیوەی کۆمەڵیش واتە ( ئافرەت ) و ناوگەڵی دەبن بە سوکترین کاڵای کوشتنی ئارزوە سێسیەکانی پیاوانی کۆلۆنیالیستی نیشتمانەکیان**
**ئەو هەموو ئافرەتە کوردەی لە میژووی لکاندنی باشوری کوردستانەوە بووبون ئیستاش بەردەوام دەبن بە کاڵای دەستی کۆلۆنیالیستی کوردستان هۆی نەبوونی شەرەڤ نەتەوەییە ( سنور و ئاڵا و پەساپۆڕت ) ە شارێکی وەك سلیمانی دڕ ماوەیەکی زۆر هیچ خیزانێکی خاوەن شەرەڤ نامرۆڤی (ناوگەڵی ئافرەت ) خاوەنی ناوگەڵی کچ و ژنەکانیان لە ئاستی یەك ئەفسەری سەرسەری وەك (ملازم محسین ) دا نەبوو .. ئەو سەرسەریە دەیتوانی لە دەرگای شەریفترین خیزانی سلیمانی بدا وبە بەرچاوی براو باوك و میردی سمێڵزلی سلیمانیەوە ئافرەتەکانیان بەرن بۆ بەزمی شەوانیان .**
**کۆمەڵگا خاوەن شەرەفە مرویەکان ( شەرەفە نەتەوەیەکان ) ئامادەنین بستێك لە خاکەکەیان بخەنە مەزاد ( مساومە ) ی سیاسیەوە وەك ( مادەی 58 ) مستێ لە سامانی سروشتی نیشتمانەکەیان لە لایەن هێزێکی دەرکەییەوە بە تاڵان بریێت .( بەپێی دەستوری نۆی عیراق کورد خاوەنی ڕەسەنی سامانە سروشتیەکانی باشوری کوردستان نیە , بەڵکو سامانی سروشتی باشوری کوردستان بە بەشێك لە سامانی سروشتی عیراق دانراوە )**
**بەپیێ ئەم تویژینەوەیە مادامێکی مرۆڤەکانی باشوری کوردستان گەرەکیانە نیشمانەکەیان بلکێنن بە نیشتمانی گەلێکی ترەوە .ڕێزی ماڤ مرۆی خۆیان و سامانی سروشتی و ئازادی و سەروەری نەتەوەیی خۆیان ناگرن کەواتە .**

# عیراقی بوونیان... بێ شەرەڤی بوونیانە

**سان پیترسبۆرگ** 24/09/2005
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de

*** بە پێی یاسای ئەنفال ئافرەتانی وولاتانی داگیرکراو لە لایەن سوپای کۆلۆنیالیستی ئیسلامەوە ... دەستکەوت بوون بۆیە زۆر لە خەلیفە ئیسلامیەکان ئافرەتی نیشتمانە داگیرکراوەکانیان لە ماڵەکانیاندا بۆ بەزمی شەوانیان بەکاریانهانیوون .لەوانەش کورد**